# لەکوشتنی پیرۆزیی ئافرەتو وزەی هونەریی هونەرمەندان، کێ بەرپرسیارە؟

ئازادە ڕەش

هەموو مرۆڤێك ئارەزومەندەو ئارەزووی هەیە لەهەر بوارێکی ژیاندا کار بکات، بۆی هەیە سەرکەوتن بۆ خۆی بەدەستبهێنێو خزمەتیش بەجوانی ژیانو کۆمەڵگاکەی خۆی بکات.. بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە مرۆڤەکان ئەوەندە هوشیارو هەستیار بن رادەی تواناو سەرکەوتنی خۆیان لەبەرچاو بێت بەر لەوەی خۆیان بدەنە دەست ئارەزوو.

لێرەدا باس لەبواری هونەرو بەتایبەتی هونەری گۆرانی دەکەین.

گۆرانی بێژ بەر لەوەی گۆرانی بڵێت دەبێ بەهرەمەندبێت.. سروشتو بوونی وای خولقاندبێ توانایەکی باش وتنی هەبێت لەگەڵ ئەوەشدا وەك خوێندکارێك خۆی ماندوبکاتو پەروەردە ببێت بۆ خزمەتکردن بەهونەرو شارستانیەتی کۆمەڵگەو نەتەوەکەی.

ئێمە خاوەنی قوتابخانەیەکی زێڕینی هونەری گۆرانین کە چەندین مامۆستای گەورەی وەك (عەلی ئەسغەرو ماملێو عەلی مەردانو تایەر تۆفیقو سێوەو رەشۆكو زیرەكو خالقیو کابانو کەمەندیو رەزازی )و چەندانی تر بەدەنگی رەسەنو زوڵاڵ پێمان دەڵێن وا بڵێن.

کەچی جێگەی داخە لەم سەردەمەی ئازادیو پێشکەوتنو زانستدا پاشاگەردانی هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤی لەکۆمەڵگەی کوردەواری ئێمەدا گرتەوە کە هونەری گۆرانیشی بەرکەوتو شکستی خوارد.

سەرەتا لایەنە سیاسیەکان لەکەناڵەکانی راگەیاندنەوە بەنمایش کردنی سەروسنگی ئافرەتو بەشانۆی بێگانەوە بەناوی هونەرو کلیپ سازیەوە گەنجو کۆمەڵی کوردەواریان هاندا چاو ببڕنە شاشەی کەناڵەکانیان تا لەو ڕێگەیەوە پەیامی سیاسیو حزبی خۆیان بگەیەنن بەزۆرترین بینەر بێ ئەوەی گوێ بدەنە رەوشتو کەلتورو پیرۆزی هونەری نەتەوەیەك کە ئەوان خەباتیان بۆ دەکردو هەزاران قارەمان لەپێناویدا شەهیدو کەم ئەندام بون، ئایا شارستانیەتی نەتەوەکەمان پێویستی بەپاراستنو گەشەپێدانی هونەری گۆرانیو شانۆی نەتەوەیی نەبوو، ئایا هونەر تاکە پرد نەبوو بۆ گەیاندنی ئاستی شارستانیەتی نەتەوەکەمان بۆ بەرچاوی گەلانی جیهان کەچی لایەنەکان بەردەوام بوون تا (غسل دماغ)ی خەڵکی بکەن لەئاستی هونەری رەسەنو جوانی گۆرانی کوردیو راهێنانی خەڵك بەهونەری بێگانە کە لەراستیدا رەنگە هونەریش نەبێ بەڵکو نمایش سەرو سیما بێتو بەس.

هەتا وای لێهات ئەوەی بیەوێت گۆرانی بڵێت دەبێ بەئاوازو ئسلوبی بێگانە دەست پێ بکاتو هەمان وێنەو جوڵەی ئەوانیش بنوێنێ.. ئێستا بەدەیان گەنج توشی ئەو نەخۆشییە بوونو هونەری رەسەنی نەتەوەکەی خۆیان لەناو (رقص) و ئسلوبی بێگانەدا دەکوژنو یاری بەسەنگی خۆشیانو پیرۆزیی ئافرەت دەکەن. هونەر داهێنانە نوێکاریە نواندنی جوانە، کاری دانسقەو دەگمەنە کەچی گۆرانی بێژی ئەمڕۆ بێ ئەوەی ئاستی هونەری کارەکان لێکبداتەوە تەنها بیری لای نمایش کردنی دەموچاوی خۆیو خۆدەرخستنە لەرێگەی نمایشی لەشو لاری ئافرەتەوە دەیەوێت خۆی دەربخاتو خۆی بناسێنێ بێ ئەوەی هونەرمەندبێتو دەنگی بۆ وتنی گۆرانی ساز بێت، بێ ئەوەی سیناریۆیەك دابڕێژێت تەعبیر لەژیانو کۆمەڵگا بکات..

جێگەی داخە هەندێ جار لەدەرەوەی وڵات (گروپی رقص)ی نادیەکان بەکاردەهێنن لەئاوازێکی رەسەنی کوردیو دەنگێکی نالەبارو نەشازدا لەگەڵ ئەوەشدا کەناڵەکانی ناوەوەی وڵات بەشانازیەوە پەخشی دەکەن بۆ راکێشانی زۆرترین بینەر. خۆ ئەگەر بەرهەمێك رەسەنو هونەری بێت شیعرێك شیاو بێتو باسێك بێت لەسەر خۆشەویستی یان ژیانو کۆمەڵگە سیناریستێك کاری تیادا بکات زۆر جوانە ئەگەر دەیان ئافرەت دەوری تیادا ببینێ کە ئەوەش زۆر دەگمەنە کەناڵەکان خۆیان بەکاری هونەری وەهاوە خەریك بکەنو ماندوبن، چونکە لەبەرژەوەندی حیزبەکەیاندا نیە.

پێویستە ئافرەتان ژنانو کچان خۆیان وریابنو خۆیان پەروەردە بکەن بونی خۆیان دەربخەن لەبوارەکانی هونەردا وەك گۆرانیو شانۆو دراماو سیناریۆی جوانو شیاو نەوەك کەسێك وەکو بازرگان بۆ خۆپێگەیاندنو خۆزلکردن بەکاریان بهێنن کە هیچ خزمەتێك بەمافو مەسەلەی ئەوان ناکاتو سەرکەوتنی تیا بەدی ناکەن جگە لەزیان گەیاندن بەخۆیانو بەکەلتوری نەتەوەکەمانو جوانی هونەری گۆرانیو گەورەییو جوانی هونەری رەسەن پێویستی بەنمایش کردنی سەروسنگی ئافرەت نیە وەکو کاڵا بەکاربهێنرێت مەسەلەی رەوای ئافرەتیش بەو جۆرە مامەڵەیە خزمەت ناکرێ بۆیە تکایە با بەس بێت.

وا ئێستاش لەسەردەمی شکستی هونەری گۆرانیدا هونەرمەندە رەسەنەکان واقیان وڕماوەو چاویان بڕیوەتە ئاسۆیەك ئەو دەسەڵاتو یاسایەی لێوە دەرکەوێت کە بڕیاری پاراستنی کەلتورو رەسەنایەتی نەتەوەکەمانی پێیە لەهەموو روویەکەوەو بەهونەری گۆرانیشەوە.

# ئێستا بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە

## شاگوڵ: هاوسەرەکەی خیانەتی لێی کردو و توشی نەخۆشی دەرونی بوو



ریشان

شاگوڵ لە یانزەساڵێدا باوکی مردو لە دوانزە ساڵێدا براکەی کوژراو بە هەژاری بە ئیش کردنی ماڵان دەژیان پاشان کەوتە داوی خۆشەویستییەوەو شوی کردو سەرەنجام تەڵاق دراو ئێستا باری دەرونی خراپە.

شاگوڵ لەباخەکەیاندا رۆژانە کاتێکی زۆر دەگەرێت لەگەڵ بەردو دەرەختەکانیدا قسە دەکات و دەڵێت" نازانم لە کوێوە دەست پێ بکەم چی بڵێم هەرچیەك باس بکەم زامەکانم دەکولێنەوەو ئازاری زیاتر دەچێژم"

ئەو باس لەوە دەکات لەدوای مەرگی باوکی براکەی قاچاخچیەتی کردوە، چونکە کورە گەورەی ماڵەکەو هەروەها تاقانەی دایك و خوشکەکانیشی بوە، دایکیشی نانی بۆ ماڵان کردوە لەبەرانبەر برێك پارەی کەم و هەرچی خوشکەکانیشیەتی جل و فەرشی ماڵانیان شتوە، بەلام شاگوڵ ئەوکات منداڵ دەبێت رۆژانە لەبەر دەرگا خەریکی یاریکردن دەبێت.

بەڵام هێندە نابات دوو خوشکەکەی شوو دەکەن و دەچنە ماڵی خۆیانەوە بەڵام ژیانی هاوسەرێتیان هێندە جیاوازی نیە لەگەڵ ژیانی ماڵی باوکیاندا چونکە مێردەکانیان هەژار دەبن و بەهەمان شێوە هەر ئیشی ماڵان دەکەن،

شاگوڵ دەڵێت" رۆژێك خەبەرمان بۆ هات کە براکەم کوژراوە" فرمێسکەکانی نەدەهاتنە خوار و گەرەیان گرتبوو قسەی بۆ نەدەکراو لە جوڵە جوڵ دابوو ووتی"من و دایکم بێ کەس مایینەوە هەناسەکانی یەکتریمان هەڵدەمژی ئەو ژیانە بۆ ئێمە مەرگەسات بوو".

شاگوڵ بە ئاهێکی قوڵەوە باسی عەشقەکەی دەکات و هەندێك جار یادەوەری جوانی بیر دەکەوتەوە خەندە دەنیشتە سەر لێوەکانی و هەندێك جاریش خیانەتی عەشقەکەی چاوەکانی داگیر دەکردو بێ دەنگ دەبوو، ئەو ووتی" من و رێبوار یەکمان خۆش ویست و خۆشەویستیەکەمان ماوەی ٢ساڵی خایاند و پەیمانمان دا یان عەشق یان بۆیەکبون یان مەرگ، بەمشێوەیە ژیانمان بەسەر دەبرد" ئەو باس لە چۆنیەتی شووکردنەکەی و ئەو زێرو کەل و پەلانەی دەکرد کە خۆشەویستەکەی بۆی کردووە دەڵێت "تەنها ئەڵقەیەکو ملوانکەیەك و گوارەیەك و بەیەك دەست جل شوم پێ کرد و لەگەڵ ماڵی باوکیدا دەژیم " شاگوڵ خۆشەویستی بۆ رێبوارو بارودۆخی ماڵەوەیان وای کردبوو ئەوەشی بۆی کرابوو بەلایەوە زۆر بوو چونکە ئەو خۆی دەڵێت"رێبوار هەموو کەسم بوو رێبواری هەموو شتێك بوو بۆمن رێبوار ماڵی دنیا بوو بەسەرما رژا" هێندە نابات لە ماڵی خەزوری جیادەبنەوە دەچنە خانویەك کەلەناو قوتابخانەیەکی کچاندا دەبێت.

خیانەت و ناپاکی و ناراستگۆی خۆی دەکاتە میوانی رۆحی رێبوار و لە خۆشەویستەکەی هەڵدەگێرێتەوە گوێ ناداتە ئەوو خواستەکانی و درەنگ دەچێتەوە بۆ ماڵەوە زوو زووش دەینێرێتەوە ماڵە خوشکەکەی چونکە لەماڵی یەکێ لە خوشکەکانی دەژیا، دایکی درك بە خەمی کچەکەی دەکات و رۆژ بەرۆژ لاواز دەبێت و بێتاقەت دەردەکەوێت و زووزووش دێتەوە لایان بۆیە ناچاری دەکات هەڵسوکەوتی رێبواری بۆ باس بکات، شاگوڵ باس لەوەدەکات کە دایکی بردویەتیە دەرەوە بۆ باخچەیەك بۆ ئەوەی کەمێك ئازارەکانی بیر بچێتەوە، بەڵام بیرچونەوەی چی وێران دەبێت و بەیەکجاری دنیای لەبەر چاو رەش دەبێت و دەڵێت" لەگەڵ دایکم چومە باخچەیەك لەدووەرەو رێبوارم ناسیەوە و چوم بەرەو روویو دیم" لێرەدا شاگوڵ باری دەرونی تێك چوو ئارامی لەبەر براو پاش کەمێك حەسانەوەو ئارام کردنەوەی کەوتەوەو قسە و ووتی" دەستی لەناو دەستی کچێکی خوێندکاردا بوو کە تەمەنی ١٥ساڵ دەبوو بە جلی قوتابخانەشەوە بوو، منی بینی هاواری کرد بەسەرما چی ئەکەی لێرە بۆ هاتوویتە دەرەوەو زللەیەکی لێ دام" ئەو باس لەوە دەکات کەهەر لەهەمات کاتدا و لەو شوێنەدا رێبوار تەڵاقی دەدات و ووتی"رێبوار سێبەسێ تەڵاقی دام و لەگەڵ کچەکەیا رۆشت و منی بەجێ هێشت" ئەو بە گریانەوە باس لە باری دەرونی خۆی دەکات و دەڵێت"ماوەیەکی زۆر بێ ئاگا لە ژیان و شێتانە ژیاوم" ئەو کە ئێستا تارادەیەك لە وەزعی پێشووی باشترە باسی دەکات و دەڵێت"هاتوومەتەوە ژیان پێم دەڵێن زەمەنێکە رێبوار تەڵاقی داویت و خەریکی ژنهێنانە" شاگوڵی تەمەن ٢٢ ساڵ هیچ چارەنوسێکی نیە و لەگەڵ دایکی دا و لە ماڵی زاوایەکیاندا کەلە شاری هەولێرە دەژین، باری دەرونیشی باش نیە، ئەو مەرگی دەستنیشانکردووە بۆ ئەوەی لەم ژیانە رزگاری بێت و دەڵێت "هەر دەبێ بمرم چونکە هیچ هیوایەکم بە ژیان نەماوە، پیاوەکەم دکتاتۆری ئەم سەردەمەبوو".

ژینا هەڵەبجەیی

### خۆشم دەوێی

تا ئەو دەمەی
چاوەکانم پڕ خۆڵ
دەکرێنو ناتوانن
نیگا بۆ چاوانت بکەن
تا ئەو دەمەی لێوەکانم
وشك دەبنەوەو
چیدی ناتوانن
لێوەکانت تەڕ بکەن
یاخود گەردنە
بەرزەکەت
بەتاسەوە تێر ماچ
بکەن
تا ئەو دەمەی
دەستو پەنجەکانم
تێکڕا
سڕ دەبنو
ناتوانن بەدەستت بگەن
یاخود پیاسەیەك
بەسینەی
پڕ عەشقو ئەوینتا
بکەن
تا ئەو دەمەی
دڵم لەلێدان دەکەوێو
لەگەڵ دڵتدا ناتوانن
تەزویەکی عاشقانە
ئاڵوگۆڕ کەن
تا ئەو دەمەی
جەستە دەبێتە
تەرمێکی ساردو سڕ
لەبری ژوانێکی گەرم
بەرەو گۆڕێکی
تاریکی بەرێ دەکەن
هاوار دەکەم:
خۆشمدەوێی..
خۆشمدەوێی
گەر نەك جارێ
هەزاران جار
لەباوەشی گەرمی پڕ
لەعەشقم
هەڵبێی!!